

# بەرجەستەبوونی مەسیح لە کتێبی مەتا و لۆقا و یۆحەنا


پێشەکی ........................................................................................................ 1

بەشی یەك: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی مەتادا ................................................. 2

بەشی دوو: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی لۆقادا ................................................. 4

بەشی سێ: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا .............................................. 7

دەرئەنجام ...................................................................................................... 8

سەرچاوەکانی توێژینەوە ........................................................................................ 9



کاتی بلاوکردنەوە: مانگی یەک، ٢٠٢٦

توێژینەوەی ئینجیلی

# پێشەکی

## ئامانجی ئەم کۆرسە

- ئامانجی سەرەکی (توێژینەوەی ئینجیلی) یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت باشتر لە ئینجیلی پیرۆز تێبگەن.
- ئەم کۆرسەش ئامانجێکی تایبەتی هەیە: تێگەیشتن لە مەبەستی بەرجەستەبوونی مەسیح بە گوێرەی سێ لە نووسەرەکانی ئینجیلی پیرۆز: مەتا و لۆقا و یۆحەنا.
  - بۆ چی تەنها یەك ئینجیل ناخوێنین؟ بە دڵنیاییەوە چوار ئینجیلەکان بە یەکتر پەسەندکراون و ناکۆکی یەکتر ناکان لە ڕاگەیاندنی ڕاستیی خوداوەند. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر یەکێك لەم قوتابیانەی مەسیح ڕوانگەیەکی تایبەتمان بۆ پێشکەش دەکات تاکو بە شێوەیەکی قووڵ و جوان لە مەبەستی ژیان و مردن و هەستانەوەی مەسیح تێ بگەین. بۆ نموونە، هەر یەکێکیان گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی مەسیح دەست دەکات بە شێوازێکی تایبەت:
    1. تەنها مەتا دەست دەکات بە ڕەچەڵەکی عیسا. مەرقۆس و یۆحەناش هیچ باسی ڕەچەڵەکەی ناکەن.
    2. مەتا و لۆقا باسی لەدایکبوونی مەسیح دەکەن بەڵام یۆحەنا باسی بەرجەستەبوونی وشەی خودا دەکات.
    3. تەنها لۆقا ئاماژەی سەردانی شوانەکان دەکات و تەنها مەتا ئاماژەی سەردانی مۆغەکان دەکات.
  - بۆ چی باسی ئینجیلی مەرقۆسیش ناکەین؟ شتی ڕاستە کە مەرقۆسیش ڕازی بوو لەگەڵ نووسەرەکانی دیکە دەربارەی بەرجەستەبوونی مەسیح، بەڵام لە کتێبی خۆیدا زۆر باسی ناکات بە وردی. بەهۆی ئەوە کتێبەکەی ناخوێنین لەم کۆرسەدا.

## بۆ چی پێویستە ئەم بابەتە بخوێنین؟

- بەرجەستەبوونی مەسیح یەکێك لە بنەمایە سەرەکییەکانی کۆمەڵی مەسیحییەکان و لە سەدەی یەکەمەوە هەتا ئەمڕۆش هەموو لە باوەڕدارە ڕاستەقینەکان لە هەموو جیهاندا لێك ڕازی بوون دەربارەی ئەم ڕاستییە: کە لە ڕێگەی لەدایکبوونی عیسای ناسیرەیی، خودا بووە بە مرۆڤ و لەگەڵمان نیشتەجێ بوو.
  - بۆ نموونە، پۆڵسی نێردراو ئەوەی نووسی (فیلیپی ٢:٥-٨):
    «وەك عیسای مەسیح بیر بکەنەوە:
    ئەوەی بە سروشتی خۆی خودایە، نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە،
    بەڵکو خۆی کردە هیچ، شێوەی بەندەی وەرگرت،
    وەك مرۆڤی لێهات، کە بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا،
    خۆی نزم کردەوە تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ.»
  - هەروەها ئیرێنایۆس (ئەوەی یەکێك لە باوکانی کڵێسا بوو) لە سەدەی دووەمدا ئەمەی نووسی (دژی گومڕاکان – ٢.٤.٣):
    «عیسای مەسیحی کوڕی خودا، کە لەبەر خۆشەویستییە بێهاوتاییەکەی بۆ بەدیهێنراوەکەی، خۆی نزم کردەوە تاکو لە پاکیزەکەوە لەدایك بێت و لە ڕێگەی خۆیەوە یەکگرتووی لەنێوان مرۆڤ و خودا دروست بکات.»
  - دواتریش کە باوکانی کڵێسا بە شێوەیەکی پوخت باوەڕنامەی نێردراوەکانیان نووسی ئاماژەی بەرجەستەبوونی مەسیحیان کرد:
    «باوەڕم هەیە بە خودا ... و باوەڕم هەیە بە عیسای مەسیح کە ڕۆڵە تاقانەکەیەتی و پەروەردگارمانە، ئەوەی لە ڕۆحی پیرۆزەوە و لە مریەمی پاکیزە لەدایك بوو.»
- هەر چەندە ئێمەی باوەڕداران دان بەوە دادەنێین کە مەسیح خۆی خودایە و دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا بەرجەستە بوو، شتی بەسوودە کە بەرەو پێش بچین لە ڕووی تێگەیشتن لەم بابەتە. بە دڵنیاییەوە کە پێکەوە دەیخوێنین، زیاتر هەندراو دەبین و زیاتر نزيك دەبین لە مەسیح خاوەن شکۆمان و لە یەکتریش.
- لەم کۆرسەدا، بۆ هەر یەکێك لە نووسەرەکان، گرنگ بە شێواز و ستایلی نووسینی خۆی دەدەین. مەتا و لۆقا لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆك باسی بەرجەستەبوونی مەسیح دەکەن. بۆیە کە کتێبی ئەوان دەخوێنین، لە ڕێگای چیرۆك گفتوگۆ دەکەین. یۆحەناش لە ڕێگای لۆژيك و فەلسەفە باسی ئەو بابەتە دەکات. بۆیە کە کتێبەکەی دەخوێنین، ئێمەش باسی لۆژيك و فەلسەفە دەکەین.

# بەشی یەك: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی مەتادا

## چوارچێوەی مەتا بەشی ١-٢

- بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی مەتای نێردراو، دەبێت بزانین کە بیسەر و خوێنەرە ڕەسەنەکانی کێ بوون. بە دڵنیاییەوە نووسینەکەی بۆ هەموو کەسێك بەسوودە بەڵام لە سەدەی یەکەمدا، مەتا ئینجیلی خۆی نووسی بە تایبەتی بۆ جولەکەکان کە شارەزا بوون بە نووسینەکانی پەیمانی کۆن.
- لەبەر ئەم هۆکارییە، زۆر جار لە ئینجیلەکەیدا، مەتا ئاماژەی ئەو پێشبینییانەی پەیمانی کۆن دەکات کە لە ڕێگەی ژیانی عیساوە هاتنە دی. تەنها لە مەتا ١-٢، پێنج جار پێشبینییەکی پێغەمبەرەکان ئاماژەکراوە (١:٢٢-٢٣ ؛ ٢:٤-٦ ؛ ٢:١٥ ؛ ٢:١٧ ؛ ٢:٢٣).
- **ئامانجی سەرەکی مەتای نێردراو:** پیشاندان و سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە عیسای ناسیرەیی مەسیحەکەی خەڵکی ئیسرائیلە کە بۆ چەند سەد ساڵ چاوەڕێیان بۆ دەکرد، تاکو بە دەستی ئەو ڕزگار بن و لە دانایی ئەو فێر بن.

**پێکهاتەی مەتا بەشی ١-٢:** **[1]** ڕەچەڵەکی عیسای مەسیح (١:١-١٧) ؛ **[2]** لەدایکبوونی عیسای مەسیح (١:١٨-٢٥) ؛ **[3]** مۆغەکان سەردانی عیسا دەکەن (٢:١-١٢) ؛ **[4]** هەڵاتنی خێزانی عیسا بۆ میسر (٢:١٣-١٨) ؛ **[5]** گەڕانەوەی خێزانی عیسا بۆ شاری ناسیرە (٢:١٩-٢٣)

## لەبەر چ هۆکارێك مەتا ڕەچەڵەکی عیسا پێشکەش دەکات لە سەرەتایی ئینجیلەکەیدا؟

- لە سەردەمی دێریندا، ڕەچەڵەکی کەسێك شتی زۆر گرنگ و مانادار بوو، بە تایبەتی بۆ پاشایەك یان ڕابەرێك.
- لە سەدەی یەکەمدا، مامۆستا و ڕابەرەکانی جولەکەکان زۆر گفتوگۆیان دەکرد لەسەر ڕەچەڵەکی مەسیحە پێشبینراوەکە.
  - لەبەر چەند پێشبینییەك لە پەیمانی کۆندا (وەك دووەم ساموئێل ٧:١٦)، زۆربەی جولەکەکان ڕازی بوون کە دەبێت مەسیحەکە لە ڕەچەڵەکی داوده‌وە لە دایك بێت.
  - هەندێك لە جولەکەکان (وەك کۆمەڵی قوموران کە لەلای دەریای مردوو دەژیان) چاوەڕێی دوو مەسیحیان دەکرد – یەکەك لە ڕەچەڵەکی داود کە دەبێتە پاشای ئیسرائیل و یەکەکی تر لە ڕەچەڵەکی هارون کە دەبێتە سەرۆکی کاهینانی ئیسرائیل. (بڕوانە سەرژمێری ٢٥:١٣ ؛ یەکەم ساموئێل ٣٥:٢)
  - پرسیار: بۆ چی پێویستمان بە مەسیحێکی تر نییە جگەلە عیسا؟ چ کتێبێك لە پەیمانی نوێدا پشتگیری ئەم ڕاستییە دەکات؟

---

- لە ڕێگەی نووسینی ڕەچەلەکی عیسای مەسیح، مەتا چیرۆکەکانی گەلی خودا بۆمان دەگێڕێتەوە بە شێوازێکی کورت و پوخت – لە سەردەمی ئیبراهیمەوە هەتا سەردەمی عیسا. زۆر لە ناوەکانی ئەم لیستە ئاماژەی کات و ڕوداوێکی تایبەت دەکەن لە مێژووی ئیسرائیل – بە تایبەتی بۆ خوێنەر و بیسەرە جولەکەکان کە زۆر شارەزا بوون بە مێژووی گەلی خۆیان.
  - بەم شێوەیە مەتا لە سەرەتایی نووسینەکەیەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مێژوو و بەڵێنەکانی پەیمانی کۆن گرنگن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی چیرۆکی عیسای مەسیح. دەبێت ئێمەش شارەزا بین بە نووسینەکانی پایمانی کۆن.
- گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەم پرسیارانە: (١) کامە لە ناوەکانی ڕەچەلەکی عیسا سەرنجت ڕا دەکێشێت؟ بۆ چی؟ (٢) مەتا ئاماژەی پێنج ئافرەت دەکات، هەر چەندە لە سەردەمی ئەودا زۆربەی ڕەچەڵەکەکان تەنها پیاویان تێدابوو. بۆ چی باسی ئەم ئافرەتانە دەکات؟

---

---

## مەتا بە چ شێوازێك مەسیحییەتی عیسا دەسەلمێنێت لە چیرۆکی لەدایکبوون و منداڵیەتی ئەو؟

- لە سەردەمی پەرستگای دووەمدا، چەند کەسێك هەبوون کە شوێنکەوتووەکانیان دەیانگوت: «ئەو کەسە مەسیحەکەیە». بۆیە شتی گرنگە مەتا چەند بەڵگەیەك بۆ خوێنەرەکانی پێشکەش بکات تاکو ڕازی بن کە عیسا مەسیحە پێشبینراوەکەیە (جگەلە ڕەچەڵەکی ئەو). دەبێت پیشانیان بدات کە وەك داود، عیسا دەستنیشانکرابوو لەلایەن یەزدان بۆ وەرگرتنی میراتی پاشایەتی ئیسرائیل.

- بەڵگەی یەکەم: جێبەجێکردنی پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن. (لۆقا ١:٢٢-٢٣ ؛ ٢:٤-٦ ؛ ٢:١٥ ؛ ٢:١٧ ؛ ٢:٢٣)
- بەڵگەی دووەم: پەیامی فریشتەکان لە خەونەکانی یوسفدا. (لۆقا ١:٢٠-٢٣ ؛ ٢:١٣ ؛ ٢:١٩-٢٠)
- بەڵگەی سێیەم: ئەستێرەکە و سەردانی مۆغەکان. (لۆقا ٢:١-١٢)
  - لە ڕوانگەی خەڵکی دێریندا، ئەستێرەکانی ئاسمان پەیوەست بوون بە چارەنووسی نەتەوەکان. ئەگەر شتێکی نوێ ڕوو بدات لە ئاسماندا مانای ئەوە بوو کە شتێکی نوێ ڕوو دەدات لەسەر زەویشدا. لە بیری ئەوان، هەندێك لە ئەستێرەکان ئاماژەی نەتەوەیەکی تایبەت دەکەن. کاتێك مۆغەکان چالاکیی ئەستێرەی یەهودایان دیت، زانییان پاشایەکی نوێ بۆیان لەدایك بوو.
  - ئەگەری هەیە کە لە ڕێگەی ئەم ئەستێرەوە، مەتا ئاماژەی پێشبینیی بەلعام دەکات کە لە سەرژمێری ٢٤:١٧-١٩ نووسراوە.
  - مەتا باسی کێ دەکات کە دەنووسێت (هەندێك مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم)؟ وشەی مۆغ لە وشەیەکی یۆنانی وەرگێڕدراوە (μάγος - ماگۆس). ئەم وشەیە ناونیشانێکی تایبەت بوو لە شانشینی بابل و فارس و ماد. بە پێ بەڵگەی دێرین، وشەی (ماگۆس) ئاماژەی چەند جۆرێکی کەسی پایەبەرزی دەکرد: (١) ئەستێرەناس، (٢) کاهین، (٣) جادووکەر، (٤) زانا.
  - مەتا پێمان ناڵێت مۆغەکان لە چ نەتەوەیەك هاتن. تەنها دەزانین کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و جولەکە نەبوون (چونکە جادوو شتی قەدەغە بوو لەلای جولەکەکان). بەڵام مۆغەکان تێگەیشتن کە لەدایکبوونی مەسیح ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو.
  - مۆغەکان کڕنۆشیان بۆ عیسا برد و چەند دیارییەکیان بۆ هێنا. یەکێك لە دیارییەکانی مۆغەکان موڕ بوو، ئەو مادەیە بۆنخۆشە کە بۆ زەیت لێدانی پاشایان و کاهینانی ئیسرائیل بەکار دەهێنرا (بڕوانە دەرچوون ٣٠:٢٢-٢٤).
  - ئیشایا ٦٠:٦-١١ و زەبووری ٧٢:١٠-١٤ بخوێننەوە و گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەم پرسیارانە: (١) چیرۆکی مۆغەکان چۆن پەیوەندیی هەیە لەگەڵ ئەم بەشانەی پەیمانی کۆن؟ (٢) لە مەتا بەشی دووەدا، مۆغەکان لەگەڵ کێ جیاوازییکراون؟ (٣) بە گشتی، چیرۆکی مۆغەکان چۆن دەبێتە بەڵگەیەك بۆ مەسیحییەتی عیسای ناسیرەیی؟

---

---

- بەڵگەی چوارەم: پەیوەستبوونی چیرۆکی عیسا لەگەڵ چیرۆکی داود لە کتێبی یەکەم ساموئێلدا. (لۆقا ٢:١-٦ ؛ ٢:١٣)
  - وەك باسمان کرد، جولەکەکان جاوەڕێی مەسیحێکیان دەکرد کە کوڕی داودە – نەك تەنها لە ڕووی ڕەچەڵەکەی بەڵام هەروەها لە ڕووی کردار و بارودۆخەکەی. بۆ نموونە، عیسا لە شاری بێتلەحم لەدایك بوو هەروەك داود لەوێ لەدایك بوو.
  - کاتێك داود دەستنیشان کرا بۆ وەرگرتنی پاشایەتی ئیسرائیل، پاشایەکی دیکە هەبوو لەسەر تەختی شەهانە (واتە شاول). داودیش هی خێزانی شاول نەبوو – تەنانەت هۆزەکەی جیاواز بوو لە هۆزی شاول.
  - لە چیرۆکی عیساشدا، پاشایەك هەبوو لەسەر تەختی شەهانەکە لەو کاتە کە عیسا لەدایك بوو: هێرۆدس (٢:١). هەروەك شاول هەوڵی دا داود بکوژێت، هێرۆدس هەوڵی دا عیسا بکوژێت.
  - داود و عیسا هەردووکیان بە دەستی خودا ڕزگار بوون لە کوشتن و هەردووکیانیش پاشاکەیان نەکوشت بۆ پاراستنی خۆی.
- بەڵگەی پێنجەم: پەیوەستبوونی چیرۆکی عیسا لەگەڵ چیرۆکی موسا و گەلی ئیسرائیل لە کتێبی دەرچووندا. (لۆقا ٢:١-٢٣)
  - وەك باسمان کردووە، کاتێك هێرۆدسی پاشا گوێی لەوە بوو کە پاشایەکی نوێ لەدایك بووە، هەوڵی دا ئەو منداڵە دەستنیشانکراوە بکوژێت لە ڕێگەی کوشتنی هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی لە بێتلەحم. بەڵام خوداوەند ئاگاداری خێزانی عیسا کردەوە تاکو لە دەستی هێرۆدس هەڵ بێن. ئەوانیش لە خاکی میسر پەنابەر بوون هەتا ئەم کاتەی هێرۆدس دەمرێت.
  - ئەم ڕووداوانە زۆر نزیکن لە چیرۆکی دەرچوون بەشی یەك و دوو کاتێك فیرعەون هەوڵی دەدا کوڕە بچووکەکانی ئیسرائیل بکوژێت. هەروەك یەزدان موسای دەرباز کرد لە دەستی فیرعەون، لە مەتا بەشی دووەدا یەزدان دەربازی عیسا دەکات لە دەستی هێرۆدس. بەم شێوازانە مەتا پیشانی دا کە هەروەك داود و موسا عیسای ناسیرەیی دەستنیشانکراو بوو لەلایە خودا.

**تایبەتمەندییەکەی مەتا ١-٢ بۆ باسکردنی هاتنی مەسیح:** عیسای ناسیرەیی کوڕەکەی داودە کە مەسیحی ئیسرائیلە (واتە پاشا و ڕزگارکەر). بەهۆی ڕەچەڵەکەکەی و بارودۆخی لەدایکبوونەکەی، دیارە کە لە لایەن خوداوەند عیسا دەستنیشانکراوە و پارێزراوە.

# بەشی دوو: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی لۆقادا

## چوارچێوەی لۆقا بەشی ١-٢

- بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی لۆقای نێردراو، دەبێت بزانین کە بیسەر و خوێنەرە ڕەسەنەکانی کێ بوون. بە گشتی، لۆقا ئینجیلی خۆی نووسی بۆ ئەوانەی کە جولەکە نەبوون.
  - ئەگەری زۆرە کە لۆقا خۆی ناجولەکە بوو و دەیویست ئینجیلێك بنووسێت بۆ ئەوانەی کە وەك ئەو جولەکە نەبوون. لەبەر ئەوە، لۆقا زۆر ئاماژەی کەسی ناجولەکە دەکات لە ئینجیلی خۆیدا (و لە کتێبی کرداریشدا).
- لۆقا لە سەرەتایی نووسینی خۆی باسی ئیش و مەبەستی خۆی دەکات (١:١-٤). وەك مێژوونووسێکی زیرەک، لۆقا پشکنینێکی وردی کرد بە دوای هەموو ئەم زانیارییەی دەربارەی ژیانی عیسای مەسیح. دوایش ئەوە نووسینی خۆی ئامادە کرد بە شێوازێکی ڕێکخراو و وردبین. لەبەر ئەوە، لۆقا چیرۆکی عیسا دەگێڕێتەوە بە شێوازێکی وردتر لە هەموو نووسەرەکانی دیکە.
- **ئامانجی سەرەکی لۆقای نێردراو:** پیشاندان و سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە عیسای ناسیرەیی مەسیحەکەی ئیسرائیلە کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی، تەنانەت پایە نزمەکان.

**پێکهاتەی لۆقا بەشی ١-٢:** **[1]** پێشەکی (١:١-٤) ؛ **[2]** پێشبینی لەدایکبوونی یەحیا و عیسا (١:٥-٣٨) ؛ **[3]** مریەم سەردانی ئەلیسابات دەکات (١:٣٩-٤٥) ؛ **[4]** هۆنراوەی ستایشی مریەم (١:٤٦-٥٦) ؛ **[5]** لەدایکبوونی یەحیا (١:٥٧-٦٦) ؛ **[6]** هۆنراوەی ستایشی زەکەریا (١:٦٧-٨٠) ؛ **[7]** لەدایکبوونی عیسا (٢:١-٢٠) ؛ **[8]** منداڵییەتی عیسا (٢:٢١-٥٢)

## تایبەتمەندیی ڕێکخستنی لۆقا بەشی ١-٢

- لۆقا باسی لەدایکبوون و منداڵییەتی مەسیح دەکات زیاتز لە هەموو نووسەرەکانی دیکە.
- سەرەڕای ئەوە، لۆقا تەنها باسی لەدایکبوونی مەسیح ناکات، بەڵکو باسی لەدایکبوونی یەحیاش دەکات. لەڕاستیدا لۆقا کتێبەکەی دەست پێدەکات بە چیرۆکی هاتنی یەحیا. دواشەوە چیرۆکی خێزانی یەحیا تێکەڵ دەکات لەگەڵ چیرۆکی خێزانی عیسا. وەك دوو هێڵی شۆمەندەفەر لە تەنیشتی یەکترن، چیرۆکی یەحیا و عیسا بۆمان پێشکەشکراون.
- پرسیار: لۆقا لەبەر چی هۆکارێك چیرۆکی لەدایکبوونی یەحیا پێشکەش دەکات لەگەڵ چیرۆکی لەدایکبوونی عیسا؟

---

## بابەتە باوەکانی لۆقا بەشی ١-٢

- کاتێك بەشێکی کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە، شتی زۆر باش و بەسوودە کە لە خۆمان بپرسین: «ئایا ئەم نووسەرە چ وشەیەك زۆر بەکار دەهێنێت و زۆر باسی چ بابەتێك دەکات؟» بەم شێوەیە دەتوانین ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لە بیر و ڕای نووسەرەکە چ خاڵ و بابەتێك گرنگە بۆ دەربڕینی پەیامەکەی. ئێمەش هەر واین – ئەگەر شتێکمان پێ گرنگ بێت، زۆر ئاماژەی ئەو شتە دەکەین.
- **ڕۆحی پیرۆز**
  - لۆقا زۆر باسی ڕۆحی پیرۆز دەکات لە ئینجیلی خۆیدا – حەڤدە جار ئاماژەی ڕۆحی خۆدا دەکات. هەروەها، حەوت لەم حەڤدە جارە لە بەشی یەك و دوو دەر دەکەون. [بەراورد بکە: ڕۆحی پیرۆز تەنها دوو جار ئاماژەکراوە لە مەتا ١-٢]
  - تەماشای ئەو حەوت جارە بکە (١:١٥، ٣٥، ٤١، ٦٧ ؛ ٢:٢٥، ٢٦، ٢٧) و گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەم پرسیارە: ڕۆڵ و مەبەستی ڕۆحی پیرۆز چییە لە چیرۆکی لەدایکبوونی یەحیا و عیسا؟

    (١) پڕکردنەوەی کەسانی تایبەت (١:١ٵ ؛ ١:٣٥ ؛ ١:٤١ ؛ ١:٦٧ ؛ ٢:٢٥)

    (٢) سەرچاوەی ژیان و پەرجوو (١:١٥ ؛ ١:٣٥ ؛ ٢:٢٦)

    (٣) ئیلهام بەخشین بۆ ستایشکردنی خودا و ڕاگەیاندنی پەیامی خودا (١:٤١-٤٥ ؛ ١:٦٧-٧٩ ؛ ٢:٢٧-٣٢)

- ○ لە کرداری بەشی یەك و دوو، لۆقا دە جار ئاماژەی ڕۆحی پیرۆز دەکات. پەیوەندیی لۆقا ١-٢ لەگەڵ کردار ١-٢ چییە؟ ئاماژەکردنی ڕۆحی پیرۆز لەم دوو بەشە چیمان فێر دەکات دەربارەی هێز و توانا و ویستی ڕۆحی پیرۆز؟

______________________________________________

______________________________________________

- **هۆنراوە و گۆرانی**
  - ○ لۆقا بەشی یەك و دوو زۆر هۆنراوە و گۆرانیی تێدایە: (١) هۆنراوەی مریەم – ١:٤٦-٥٦ ؛ (٢) هۆنراوەی زەکەریا – ١:٦٧-٧٩ ؛ (٣) هۆنراوەی فریشتەکان – ٢:١٤ ؛ (٤) هۆنراوەی شیمۆن – ٢:٢٩-٣٢.
  - ○ پرسیار: بە گشتی، ئەم هۆنراوانە سەبارەت بە چین؟ زۆر باسی چ وشەیەك و بابەتێك دەکەن؟ هۆکارییان چییە؟

______________________________________________

______________________________________________

  - ○ پرسیار: لۆقا چوار گۆرانی هۆنراوەی بۆمان هێناوە دەربارەی لەدایکبوونی عیسای مەسیح. ئەم ڕاستییە چیمان فێر دەکات دەربارەی ئەم ڕووداوە سەرسوورهێنەرە؟ دەبێت کاردانەوەی ئێمەش چۆن بێت بە هۆی ئەم مزگێنییە؟

______________________________________________

______________________________________________

- **پایەنزمەکان**
  - ○ وەك لەسەرەوە باسمان کرد، لۆقا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەواڵی هاتنی مەسیحی ئیسرائیل وەك مزگێنییەك وایە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەتایبەتی پایەنزمەکان. لە ئینجیلی خۆیدا، لۆقا زۆر گرنگ بە پایەنزمەکان دەدات و ئەوانیش بریتین لە هەژارەکان، بێوەژنەکان، گەنجەکان، شەرمەزارەکان، بەتەمەنەکان، بەککەوتەکان، ناوزڕاوەکان.
  - ○ پرسیار: ئەم کەسانەی پایەنزم لە کێو دەبینن لە لۆقا بەشی یەك و دوودا؟ لۆقا چۆن وەسفیان دەکات و ڕۆڵیان چییە؟

______________________________________________

______________________________________________

  - ○ پرسیار: ئەمە چی فێرمان دەکات دەربارەی ئەو شێوازەی کە ئێمە مزگێنی هاتنی مەسیح ڕادەگەیەنین؟

______________________________________________

______________________________________________

## توێژینەوەیەکی تایبەت: ئایا عیسای مەسیح لە ناو تەوێلەیەکدا لەدایك بوو؟ (لۆقا ٢:١-٧)

- شتی زۆر باوە لە سەردەمی ئێمەدا خەڵك بیریان وا بێت کە عیسا لەناو تەوێلەیەك لەدایك بوو بێت. زۆر لە وێنەکانی لەدایکبوونی عیسا بەم شێوەیە چیرۆکەکە پیشانمان بۆ دەدەن، کە خێزانی عیسا بە تەنهاوە دانیشت بوون لە ناو شوێنێکی زۆر سارد و خراپ و چۆڵ. بەڵام کتێبی پیرۆز وا دەڵێت؟ شتی گرنگە کە زانیاریمان لە کتێبی پیرۆزەوە وەر بگرین، نەك لە سەرچاوەکانی تر. بەڵگەمان هەیە کە شوێنەکەی لەدایکبوونی عیسا جیاواز بوو لەوەی کە لە وێنەکان کێشراوە. تەماشای لۆقا بەشی دوو بکەین:
  - ○ **تێبینی تەکەم:** مریەم و یوسف چوو بوون بۆ بێتلەحم پێشەوەی کاتی لەدایکبوونی عیسا بێت (بڕوانە ٢:٤-٦). کەواتە ئەوان بۆ ماوەیەك لەوێ بوون پێش لەدایکبوونەکەی. شتێکی لەناکاو نەبوو و ئەوان پەلەیان نەدەکرد شوێنێك بدۆزنەوە.
  - ○ **تێبینی دووەم:** ئەوان چوونە شاری بێتلەحم لەبەر ئەوەی یوسف هی ڕەچەڵەکی داود بوو (٢:٤). کەواتە هەموو خەزمەکانیش لەوێ بوون (٢:٣). مریەم و یوسف بە تەنها نەبوون و هیچ بەڵگەمان نییە کە خەزمەکانی ئەوان ڕەوانەییان کردن. لەڕاستیدا شتی زۆر خراپ و گوناە بوو لە کلتوری ئەوان خەزمێك دەر بکرێت، بە تایبەتی ئافرەتێکی دووگیان!

- **تێبینی سێیەم:** کە لۆقا دەنووسێت کە (هیچ ژوورێکیان بۆ نوستن دەست نەکەوت – ٧:٢)، مەبەستی ئەوە نییە کە هۆتێلی بێتلەحم جێی نەمابوو. وشەی یۆنانی (κατάλυμα - کاتەلومە) کە لێرە بەکارهێنراوە ئاماژەی ئەو ژوورە میوانە دەکات کە لە نهۆمی دووەمی خانووەکانی ئەو سەردەمە هەبوو (بڕوانە مەرقۆس ١٤:١٤ ؛ لۆقا ١١:٢٢). بۆیە مەبەستی ئەوەیە کە هیچ جێ نەمابوو لە نهۆمی دووەمی خانووەکە. چونکە زۆر میوان هات بوون بۆ ماڵەکە بەهۆی فەرمانی ئۆگستۆس قەیسەر (٢:١-٣).
- **تێبینی چوارەم:** لە سەدەی یەکەمدا، شتی زۆر باو بوو خانوو ئاخوڕێکی تێدابێت لە نهۆمی یەکەمدا تاکو لە شەودا ئاژەڵە گرنگەکان لە ژوورەوە بمێننەوە و لەوێ سەلامەت بن. کەواتە عیسا لە ناو یەکێك لەم ئاخوڕانە نوست بوو لە ماڵی خەزمەکەیدا (٧:٢).
- **دەرئەنجام:** بە گوێرەی نووسینی لۆقا، عیسا بە شێوەیەکی سادە و بێفیز لەدایك بوو، بەڵام لە شوێنێکی چۆڵ و سارد و خراپ نەبوو، بەڵکو ئەگەری گەلەك زۆرە کە لە ماڵی یەکێك لە خەزمەکانی خۆی لەدایك بوو و ئەو ماڵە گەرم و گڕ و پڕ لە خێزان بوو. وشەی (تەوێلە) لە هیچ شوێنێک نەنووسراوە و پێویست ناکات بۆ چیرۆکەکە زیادی بکەین.
- **پرسیار:** ئەم توێژینەوەیە چۆن فێرمان دەکات دەربارەی گرنگیی زانیاری کلتور و مێژووی دێرین بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز؟

---

---

## ڕەچەڵەکی عیسا لە ئینجیلی لۆقادا (٣:٢٣-٣٨)

- وەك لە کتێبی مەتادا، لۆقاش ڕەچەڵەکی عیسا بۆ خوێنەرەکانی پێشکەش دەکات. بەڵام هەندێك جیاوازیی هەیە لە نێوان ئەو دوو ڕەچەڵەکە:
  - ڕەچەڵەکی لۆقا زۆر وردترە لە ڕەچەڵەکی مەتا. وەك باسمان کرد، لۆقا بە شێوازی مێژوونووس بیر دەکاتەوە.
  - هەندێك لە ناوەکانی ڕەچەڵەکی لۆقا جیاوازن لە ناوەکانی ڕەچەڵەکی مەتا. بەڵام مانای ئەوە نییە کە یەکێکیان هەڵەیە یان شتی خەیاڵە. زاناکانی پەیمانی نوێ چەند چارەسەرێکیان پێشکەش کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازییە: (١) مەتا ڕەچەڵەکی مریەمی تۆمار دەکات بەڵام لۆقا ڕەچەڵەکی یوسف تۆمار دەکات [مەتا ١:١٦ ؛ لۆقا ٣:٢٣] ؛ (٢) مەتا ڕەچەڵەکەکەی دەنووسێت لە ڕێگەی سلێمانی کوڕی داود، بەڵام لۆقا ڕەچەڵەکەکەی دەنووسێت لە ڕێگەی ناتانی کوڕی داود [مەتا ١:٦ ؛ لۆقا ٣:٣١] ؛ (٣) مەتا ڕەچەڵەکی یاسایی دەنووسێت بەڵام لۆقا ڕەچەڵەکی خوێنی دەنووسێت.
  - گرنگ ترین تایبەتمەندیی ڕەچەڵەکی عیسا لە کتێبی لۆقادا ئەوەیە کە کۆتایی بە ناوی داود یان ئیبراهیم نایێت بەڵکو هەتا ئادەمی کوڕی خودا دەڕوات. لۆقا لەبەر چی هۆکارێك ڕەچەڵەکی عیسا دەنووسێت هەتا ئادەمی کوڕی خودا؟ مانای چییە؟

---

---

**تایبەتمەندییەکەی لۆقا ١-٢ بۆ باسکردنی هاتنی مەسیح:** عیسای مەسیح ئەو کوڕی مرۆڤە کە بە هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە ڕزگاری هەموو جۆرێکی مرۆڤ دەکات، تەنانەت ناجولەکەکان و پایەنزمەکان. با گۆرانی ستایشیی بۆ بنووسین و بڵێینەوە.

## بەشی سێ: بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا

### چوارچێوەی یۆحەنا بەشی ١ ئایەتی ١-١٨

- بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی یۆحەنای نێردراو، دەبێت بزانین مەبەستەکەی چی بوو بۆ نووسینی ئینجیلەکەی خۆی. ئەو کاتەی یۆحەنا دانیشت بوو بۆ نووسینی ئینجیلەکەی، کتێبی مەرقۆس و مەتا و لۆقا بڵاوبووبوونەوە بۆ کۆمەڵگەکانی باوەڕدارانی مەسیح. بەڵام یۆحەنا بە تەما بوو شتێکی نوێ و تایبەت بنووسێت لە ڕوانگەی خۆیەوە.
- یۆحەنا ئامانجی خۆیمان پێ دەڵێت لە کۆتایی نووسینەکەیدا: (ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحەکەیە، کوڕی خودایە، تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت – ٢٠:٣١). بۆیە کە بەشی یەك دەخوێنینەوە پێویستە لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەم بەشە بە چ شێوازێك بەرەو ئامانجی یۆحەنا دەڕوات؟
- **ئامانجی سەرەکی یۆحەنای نێردراو:** پیشاندان و سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە عیسای مەسیح کوڕی خودایە و سەرچاوەی ژیانە بۆ هەموو کەسێك کە باوەڕ بە ناوی  ئەو دەهێنێت.

### پێکهاتەی یۆحەنا بەشی ١ ئایەتی ١-١٨

**[A1]** وشەی خودا: سەرچاوەی ژیان و ڕووناکی (١:١-٥)

**[B1]** یەحیا شایەتی بۆ ڕووناکییەکە دەکات (١:٦-٨)

**[C1]** ڕووناکییەکە لە جیهاندا نیشتەجێیە (١:٩-١٣) ← ڕووناکییەکە مافی ڕۆڵەی خودا پێشکەش دەکات.

**[C2]** وشەکە لە جیهاندا نیشتەجێیە (١:١٤)

**[B2]** یەحیا شایەتی بۆ کوڕەکە دەکات (١:١٥)

**[A2]** کوڕی خودا: سەرچاوەی نیعمەت و ڕاستی (١:١٦-١٨) ← کوڕەکە نیعمەت و ڕاستی پێشکەش دەکات.

### بەرجەستەبوونی مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا

- سەرەتای کتێبی یۆحەنا زۆر جیاوازە لە سەرەتای کتێبی مەتا و لۆقا. باسی ڕەچەڵەکی عیسا ناکات. باسی مریەم و یوسفیش ناکات. تەنانەت باسی بارودۆخی لەدایکبوونی عیسا ناکات، بەڵکو باسی بەرجەستەبوونی کوڕی خودا دەکات. یۆحەنا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی پێشەوەی هەمووشتێك بەدی هێنرا: (لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو – ١:١).
  - لەو ئایەتانەدا یۆحەنا کتێبی خۆی پەیوەست دەکات بە کتێبی پەیدابوون کە ئاماژەی بەدیهێنانی جیهان دەکات. چەند وشەیەك بەکار دەهێنێت کە لە پەیدابوون بەشی یەك زۆر باسکراون: وشەی خودا، ڕووناکی، ژیان.
- ستایلی نووسینی یۆحەناش جیاوازە لەوانەی تر. چیرۆك ناگێڕێتەوە و باسی وردەکاریی مێژوو ناکات، بەڵکو بە ستایلی فەلسەفەیی دەنووسێت و باسی چەند بنەمایەکی گشتی دەکات (وشە، ژیان، ڕووناکی) کە بۆ هەموو گەلەکان ئاشنان، بە تایبەتی یۆنانییەکان.
  - بۆ نموونە، لە زمانی یۆنانییدا وشەی (λόγος – لاگاس) واتە (وشە). هەندێك لە فەیلەسوفە یۆنانییەکان (ستۆیکەکان) وشەی (لاگاس)یان بەکار دەهێنا بۆ باسکردنی ئەو هێزەی لۆژیکییە کە گەردوونی دروست کرد و ئێستاش گەردوون بەڕێوە دەبات.
  - نزیکەی پەنجە ساڵ پێش نووسینی ئینجیلی یۆحەنا، فەیلەسوفێکی جولەکە بە ناوی فیلۆ وشەی (لاگاس)ی بەکار دەهێنا بۆ باسکردنی دانایی خودا. دەنووسێت کە وەك ئامرازێك خودا وشەی خۆی بەکار هێنا بۆ بەدیهێنانی گەردوون. هەروەها گوتی کە وشەی خودا وەك نۆبەر و وێنەی خودا وایە. کەواتە وشەی (لاگاس) زۆر قووڵ و مانادار بوو لەو سەردەمەدا.
- پرسیار: مانای ئەوە چییە کە مەسیح (١) وشەی خودایە، (٢) ژیانی خودایە، و (٣) ڕووناکی خودایە؟

---

---

**تایبەتمەندییەکەی یۆحەنا ١:١-١٨ بۆ باسکردنی هاتنی مەسیح:** عیسای مەسیح کوڕی خودایە کە هەموو گەردوونی دروست کرد بەڵام بووە بە مرۆڤ تاکو ببێتە سەرچاوەی ژیان و ڕووناکی و نیعمەت.

# دەرئەنجام

## عیسای مەسیح لە مەتا و لۆقا و یۆحەنادا

- **مەتا:** کوڕی داود و ڕزگارکەری گەلی خودا
- **لۆقا:** کوڕی مرۆڤ و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی
- **یۆحەنا:** کوڕی خودا و ڕزگارکەری گەردوون

## گرنگدان بە تایبەتمەندییەکانی هەموو بەشەکانی کتێبی پیرۆز

- هەموو لە نووسینەکانی کتێبی پیرۆز بە یەکتر پەسەند دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر یەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەگەر تەنها یەك لە چوار ئینجیلەکە بخوێنینەوە، زۆر مانا و سوود لەوانەی تر لە دەست دەدەین.
- هەموو لە نووسەرەکانی پەیمانی نوێ دان بەوە دادەنێن کە کوڕی خودا بەرجەستەبوو و بە تەواوی بووە بە مرۆڤ کاتێك عیسا لەدایك بوو. بەڵام هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی ئەو ڕاستییە دەکات.

## بەردەوام بوون لە فێربوونی تایبەتمەندییەکانی بەشەکانی کتێبی پیرۆز

- هەر وەك لەم کۆرسەدا توێژینەوەمان کرد لەسەر ڕوانگەی هەر یەکێکیان، دەتوانین هەمان شتێك بکەین بۆ زۆر لە بابەتەکانی ژیانی مەسیح. بۆ نموونە، هەر یەکێك لە چوار ئینجیلەکە بە چ شێوازێك باسی ئەم بابەتانە دەکات؟
  - خودایەتی مەسیح و مرۆڤایەتی مەسیح
  - پەیوەندی مەسیح لەگەڵ تەورات و پەیمانی کۆن
  - پەرجووەکانی مەسیح و نیشانە سەرسوورهێنەرەکانی مەسیح
  - پەیوەندی مەسیح لەگەڵ ڕۆما و ڕابەرەکانی جولەکەکان
  - مردنی مەسیح و هەستانەوەی مەسیح
- هەر وەك کە توێژینەوەمان کرد لەسەر شوێنی لەدایکبوونی مەسیح لە ئینجیلی لۆقادا، پێویستە زانیاری و باوەڕمان لە وشەی خودا وەر بگرین، نەك لە کلتوری خۆمان یان لە گووگل یان لە ئەی ئای. هەروەها دەبێت وەك کۆمەڵگەیەك پێکەوە کتێبی پیرۆز بخوێنین، تاکو هانی یەکتر بدەین و فێری یەکتر بکەین.

## خزمەتکردن لە چوارچێوەی خۆتان

- هیوا دارم کە ئێوە دەرفەتێکتان هەبێت ئەم زانیارییە بەکار بهێنن کاتێك خزمەتی کۆمەڵی باوەڕداران دەکەن و بەم شێوەیە هەموو کڵێساکانی کوردی هاندراو بن و بەرەکەتدار بن. بەڵام لە هەموو گرنگترە پێکەوە شکۆمەندی مەسیح بەرز بکەینەوە و سوپاسی ئەو بکەین کە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا هات بە شێوازی منداڵ تاکو ڕزگاری خەڵك بکات لە هەموو نەتەوەکانەوە.
- بە ڕای تۆ، کامە لە بەشەکانی ئەم کۆرسە بەسوودترین بوو؟ کامەیان سەرنجڕاکێش بوو؟

______________________________

______________________________

- بە ڕای تۆ، دەبێت چۆن ئەم زانیارییە بەکار بهێنین بۆ هاندان و فێرکردنی برا و خوشکەکانمان کە باوەڕدارن؟

______________________________

______________________________

- بە ڕای تۆ، شتی بەسوودە چ بابەتێك بخوێنین لە داهاتوودا کە پەیوەستە بە لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز؟

______________________________

# سەرچاوەکانی توێژینەوە

Bailey, Kenneth E. "The Birth of Jesus." In *Jesus Through Middle Eastern Eyes: Cultural Studies in the Gospels*. IVP Academic, 2008.

Barber, Michael. *The True Meaning of Christmas: The Birth of Jesus and the Origins of the Season*. Augustine Institute: Ignatius Press, 2021.

Brown, Raymond E. *The Birth of the Messiah: A Commentary on the Infancy Narratives in the Gospels of Matthew and Luke*. Yale University Press, 2007.

Hooker, Morna D. *Beginnings: Keys That Open the Gospels*. Wipf and Stock, 2010.

Philo. "On Creation." In *The Works of Philo: Complete and Unabridged*, translated by C. D. Yonge. Hendrickson Academic, 1991.

Philo. "On the Confusion of Tongues." In *The Works of Philo: Complete and Unabridged*, translated by C. D. Yonge. Hendrickson Academic, 1991.